## مولەممەعی کوردی و عەرەبی
## مستەفا بەگی کوردی

بەدران ئەحمەد حەبیب

تەنیا یەک رۆژ لە دوای لەچاپ دەرچوونی دیوانی مستەفا بەگی کوردی لە دەزگای ئاراس، هاوکارمان فەرهاد ئەکبەری کتێبەکی بۆم هێنا "سرود بادیه، در احوال وآثار شُعرای کُرد لك ولُر" لە دانانی مەلا محێدینی ساڵحی و کتێبەکە لە شاری سنە دەرچووە. لە لاپەڕە ١٩١ی ئەم کتێبەدا شیعرێکی مستەفا بەگی کوردی هەیە کە بەداخەوە نەکەوتووەتە دیوانەکەی لای ئێمە و وا دیارە بەسەر مامۆستا حەمەبۆری ئامادەکاری دیوانەکەدا تێ پەڕیوە. شیعرەکە شیعرێکی ناسراوە، ون یان تازە دۆزرایەوە نییە، کاک یوسف لەتیف تەنیا دوو بەیتی نەبێ ئەوی تری هەموو لەبەر بۆ نووسیمەوە. تەنانەت کاک فەرهاد خۆیشی کە کاری نووسیاریی لە دیوانەکەی کوردیدا کردبوو، بەم شیعرەی نەزانیبوو. هەرچۆن بێ وا لێرە و بەبۆنەی دەرچوونی دیوانی کوردییەوە لە دەزگای ئاراس، کە دوو بەرگی گەورەیە و زیاتر لە ١٢٠٠ لاپەڕەی چاپە، دەقی پارچە شیعرەکە لە کتێبی (سرود بادیه)ی ئاماژە بۆکراو ڕادەگوێزین. ئەمەش وێڕای پیرۆزباییمان لە مامۆستا حەمەبۆر کە بەری ڕەنجی چەندان ساڵەی خۆی بەچاپکراوی بینی و خزمەتێکی شایانی پێشکێش بەنەتەوەکەی کرد. ئەمەش دەقەکەیە:

| | |
|---|---|
| حوری رەوزەی جینانی یا گوڵی باغی ئیرەم | أم نُجومُ العَرشِ أم شَمسٌ على فوقِ العَلَمْ |
| سەرکەشی ئێڵی گەلاڵی و شۆخی بابانی عێراق | نورُ أبصارِ العَرَبِ ظلُّ رُؤساءِ العَجَمْ |
| کوشتن و عەفوت لەلای من هەردوویان هەر رەحمەتن | لَو تَمتنيْ تَرْحمي لو تَعفُني عَينَ الكَرَمْ |
| ئاخری کوشتت بەهیجران ئاسکەکەی دەرماڵی خۆت | كم نَديتُ بالنّدا لاتَقتُلي صَيْدَ الحَرَمْ |
| کوشتمت ئەمما لە پاشانیش پەشیمانی دەبەی | يا حَبيبي بَعْدَ قَتلي لا حُصولَ في النّدمْ |
| وەک تەبیب ئەر بێی عیلاجی ئەم برینانەم بکەی | أعطكَ الرُّوح لَإن تَقْبلهُ في حَقّ القَدَمْ |
| سەد کە مەحزوون و نەخۆشم نامەکەت گەر بێتە لام | يَنْدَفَعْ حُزْني وما يبقى مِنَ القلب اَلَمْ |
| گەر وەکو عیسا لە پاش مردن بەسەرما ڕابووری | تَجمَعُ العَظَمَ الرّميمَ تُحيِيني بَعْدَ العَدمْ |
| چونکە نامەی وردی (کوردی) قەت نەهاتە ئینتیها | تَمَّتِ القِرطاسُ جَفَّ الحِبرُ وانشِقَّ القَلَمْ |